# (هاوپەیمانە تازە- کۆنەکانی کورد)

**محەمەدی مشیر**

سەرەتای هەڵمەتەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی بۆ سەر رژێمی بەعس لە 2003 دا، پەرلەمانی تورکیای دێرینە دۆستی ئەمریکا لە ژێر فشاری جەماوەر و خۆپیشاندانەکانەوە، لە رێگەی دەنگدانەوە دوو جاران بواری نەدا ئەمریکا لەسەر خاکی وڵاتەکەیەوە لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی عێراق و لەوێوە هێزەکانی پیادەی سوپاکەی بێنێتە بەرەکانی باکوور، ئەم هەڵوێستە چاوەڕوان نەکراوەی کۆنە دۆستێك، ئەمریکای توشی شۆك کرد و ناچاریکرد بەدوای هاوپەیمانێکی تازەدا بگەڕێ تابتوانێ لە بەرەکانی باکوورەوە زەمینەی لەشکرکێشی هێزەکانی پیادەی بۆ داببن بکا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژییە سەربازییەکەیدا، بەرەکانی باکووریش مسۆگەر بکات، ئەوەبوو لە کورد گونجاوتری بۆ نەڕەخسا کە دوابەدوای کۆڕەوە ملیۆنیکەی بەهاری 91 بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی ناوچەیەکی ئارامی بۆدابینکرابوو. ئا لەو کاتدا تەنها ماوەی 16 ساڵ بە سەر ئەو شکستەدا تێپەڕیبوو کە بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان دەرەنجامی رێککەوتننامەی جەزائیر و بە ئاگاداری و رەزامەندی ئەمریکا دووچاری هاتبوو.

16 ساڵ بە پێوانەی مێژوویی کاتێکی کەمە کە ناکرێ بە تێپەڕبوونی مرۆڤ هەموو رووداوەکانی لە بیربچێتەوە، بە تایبەتیش ئەو بیرەوەرییە تاڵانەی پەیوەستن بە چارەنووس و رابردووی نزیکی دۆزی رەوای گەلەکەیەوە، بەڵام وادیارە سیاسەتمەدارانی کورد هەر دوای تێپەڕینی کاتە کورتەکان زوو دوێنێ فەرامۆش دەکەن. ئەم فەرامۆشکردنە هەر هۆکارێکی لە پشت بێت، بە مەزەندەی من جگە لە سێ لێکدانەوە زیاتر هیچی دیکە قەبوڵ ناکات:

**یەکەمیان:** ئەوەیە کە هەرگیز ئاوڕ لە رابردووی خۆت نەدەیتەوە چونکە بۆ دابینکردنی ئێستا و داهاتووی خۆت ناتوانی سوود لە وانەو پەندەکانی وەربگریت.

**دووەمیان:**هەمیشە بەو چارەنووسە مێژووییانە رازیبیت کە ئەوانیتر بۆتی دادەڕێژن.

**سێیەمیان:**هەر خوێندنەوەیەکی ئێستا هەتبێت هیچ جیاوازییەکی ریشەیی لە گەڵ ئەوەی ئەو کات نەبێت.

بۆیە لەو هەلومەرجە ناسکەی ئەمڕۆکە گەلی کوردستان خۆی تێدا دەبینێتەوە، پێویستە بپرسین ئەرێ لێکدانەوەی ئێستای سەرکردایەتی سیاسی کورد لە گەڵ کام لەم سێ لێکدانەوەیە پتر دەگونجێت؟ ئایا دۆخە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییەکانی کورد لەو کاتەوە گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە( رەوڕەوەی مێژوو وەستاوە؟)؟ ئایا سیاسەتی دۆستە (تازە– کۆنەکانی) کورد زۆر گۆڕاو و جیاوازە، بەڵام سیاسەتی سیاسەتمەدارانی کورد هەر وەکو جارانیەتی؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە چاوێك بە جۆرو شێوازی پەیوەندییە سیاسییەکانمان بخشێنینەوە؟ ئایا رێگە دەدەین مێژوو ئەو جارەشیان وەکو جاران دووبارەبێتەوە؟ ئەگەر رێگە نادەین چ جۆرە ئامادەسازی و زەمینەخۆشکردنێکمان بە جێ گەیاندووە بۆ ئەوەی پێش لە گۆڕانە کتوپڕەکانی سیاسەتی دۆستە(تازە – کۆنەکان)مان بگرین؟ .... ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە دێنە پێش و خۆ دەسەپێنن، کاتێك بیر لە باری ئێستای عێراق و کوردستان و ناوچەکە و جیهان دەکەیتەوە، بە تایبەتیش کاتێك بیر لە پێگەی سیاسەتی کوردی دەکەیتەوە لە نێو گێژەڵووکی پارسەنگی هێزەسیاسییەکانی عێراقی فیدڕاڵدا.

ئەوەی مایەی ئاماژە پێدانە ئەوەیە کە لە ساڵی 1975 ەوە( دوابەدوای شکستە کاتییەکەی بزاڤی رزگاریخوازانەی کوردستان) تا چەند ساڵێك لەمەو پێش زۆربەی شتەکانی جیهانی سیاسەت و لێکدانەوەی کورد، لە سەر هەردوو ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە، زۆر لەوەی دوای شکست دەچوون و تارادەیەك چاودێر دەیتوانی بە شێوەیەکی نیمچە رەها بڵێ کتومت یەکبوون.ئەمەش بەشبەحاڵی خۆی ئەوە دەگەیەنێ کە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەو کاتەوە(( ئەگەرچی ژێرخانی کۆمەڵایەتی کوردستان گۆڕانی جۆرا و جۆری بە خۆیەوە بینیوە و، سیاسەت و

باروودۆخی نێودەوڵەتیش گۆڕانی زۆریان بەسەرداهاتووە)) لە نێو هەمان بازنەی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانیدا دەخولایەوە تا ئەم دواییانە نەبێت کە خەریکە هێڵەکانی ئەو بازنەیە هەڵپچڕێنیٚ و جۆرێك لە پەیوەندی لە سەر هەردوو ئاستدا( ناوەوە و دەرەوە) داڕێژێت.ڕەنگە یەکێك لە پاڵنەرە هەرە کاراکانی ئەم گۆڕانە لە جۆرو شێوازی پەیوەندی سیاسی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆی کوردستان وعێراق لە لایەك و، لە گەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان لە لایەکی دیکەدا، ئەوەبیٚ کە ئەوروپا خەریکە لەم چەند ساڵانەی دواییدا دەروازەیەکی تازەی پەیوەندی لە گەڵ کوردستاندا بکاتەوە و چیتر ڕێگە نەدات بەتەنها ئەمریکا ئەو پەیوەندییە بقۆزێتەوە. لە لایەکی دیدا پاڵنەری متمانە لاوازبوون بە سیاسەتە پڕاگماتییەکانی ئەمریکا، فاکتەرێکی بەهێزە کە سیاسەتمەدارانی کورد هانبدات بە دوای پەیوەندی تازەدا بگەڕێن لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. کارکردن بەو ئاڕاستەیە لە لایەن هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە ئەڵتەرناتیڤێکی گرنگ بۆ ئایندەی چاوەڕوان نەکراوی ئەزموونی سیاسی تازەی کوردستان دێنێتە ئارا، کە دوور نییە ئەگەر بەباشی بقۆزرێتەوە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا ئاکامە پۆزەتیڤەکانی ببینین.بەڵام لە سەر ئاستی ناوخۆیی عێراقدا ڕەنگە روونتر بوونەوەی هەڵوێستی سیاسی هەردوو لایەنی بەرەی تەوافوقی سوننی و ئەلعراقیە بەرامبەر بە ماددەی 140 ی دەستوور و، پێداگرتنیان لەسەر سڕینەوەی ئەم ماددەیە، یەکیٚ لەو هۆکارە هەرە گرنگانە بێت کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ناچاربکات چاوێکی جیددی بە جۆری پەیوەندی و هەنگاوەکانی ئایندەی نزیکیدا بخشێنێتەوە. هۆکاری دووەم کە پێویست بە لێکدانەوەیەکی قوڵ دەکات لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە راست پەیوەندییەکانی لە گەڵ لایەنی بەهێزی شیعە لە عێراقدا چۆن سوود لە کەلێنی نێوان باڵە جیاوازەکانیان وەربگریٚ و لە گەڵ کام باڵ و لایەنیان پەیوەندی تازە لە سەر بنەما دەستووریەکانی هەمیشەیی عێراق دابڕێژێتەوە.

گەمە سیاسییەکانی ئەمڕۆکەی (کوردستان) و عێراق و ناوچەکە سەخت و ئاڵۆزن، بەڵام دەکریٚ بە هوشیارکردنەوەی ئاڕاستەکراوی جەماوەری کوردستان لە رووداوە خێراکان و بە پتەوکردنی هەڵوێستی ناوخۆی هێزە کوردستانییەکان و باشترکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان لە نێو سنووری عێراق و دۆزینەوەی لك و شاخەی نویٚ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، سەرکەوتووانە لەم ئاستەنگە سیاسییانەی لە سایەی دۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و سیاسەتەکانی ئەمریکا پێشبینی دەکریٚ بێنە سەر ڕێگەمان، دەرچین و بیسەلمێنین کە هەموو شتێك لە کوردستاندا گۆڕاوە و هزری سیاسی سیاسەتمەدارانی کوردیش خەریکە لە ئاستەنگە دێرینەکانی دەربازی ببیٚ!!